# کۆمەڵگەی بەرخۆری




ڕۆب هۆرنینگ

و. ناجی ئەفراسیاو

# کۆمەڵگەی بەرخۆری

نووسینی: ڕۆب هۆرنینگ

وەرگێڕانی: ناجی ئەفراسیاو

**Consumerism Without Consumption Without Consumerism**

**A Column by Rob Horning**

## کۆمەڵگەی بەرخۆری

لە کتێبی "سیستەمی ئۆبێکتەکان"[1]دا (1968)، ژان بۆدیار باس لەوە دەکات، کە چیتر لە کۆمەڵگەی بەرخۆرییدا خەڵک شتەکان بەکارنابەن بەڵکو دەلالەت و ئاماژەکانی بەکاردێنن: "ئەگەر بەکاربردن و مەسرەفکردن هیچ واتایەکی هەبێت، ئەوا بریتییە لە چالاکیی گەمەکردن بە ئاماژەکان". ئەگەرچی ئەمە پێناسەیەکی گونجاویش بێت، بەڵام بواری ئەوە نادات، کە لە کۆمەڵگەی بەرخۆرییدا هەڵسەنگاندن بۆ چۆنێتیی ئاڵوگۆڕی کاڵا مادییەکان و لەناوچوونیان بکرێت. بۆیە واباشترە؛ ئەوەی بۆدیار باسی کردووە ناوی بنێین "بەرخۆری"[2]، مامەڵەی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانیش لەگەڵ شتە مادییەکان ناوبنێین "بەکاربردن"[3]. بۆنموونە؛ بەبازاڕکردنی خۆراک و براندەکەی، بەرخۆرییە. بەڵام هەرسکردنی خۆراکەکە، بەکاربردنە. هەر بەپێی کڵێشەکانی بازاڕگەری؛ بەکاربردن، بەرهەمەکەیە. بەرخۆرییش، ئەزموونکردنیەتی. بەمانایەکی تر؛ بەکاربردن، گۆشتەکەیە. بەرخۆرییش، بۆن و بەرامەکەیەتی.

بەکاربردن و بەرخۆری لەیەکتری جیاناکرێنەوە، بەڵام تەکنەلۆژیا ئەو وەهمەمان پێدەبەخشێت، کە لەیەکتریان دابڕین و بەجیا چێژ لە هەر یەکێکیان وەرگرین. هەروەکچۆن، سۆشیال میدیا و گەیاندنی دیجیتاڵ ڕێگەیان خۆشکردووە لەیەک کاتدا، هەردوو ڕێگەکە بگرینەبەر، بەئاراستەی بەرخۆری بەبێ بەکاربردن، و بەئاراستەی بەکاربردن بەبێ بەرخۆری.

ئەگەر کەسێک بتوانێت بەبێ بەرخۆری، {بەرهەمێک} بەکاربەرێت، ئەوە بەبێ هیچ ئارایشت و ساختەکارییەک دەگاتە بەهای بەکارهێنانی بەرهەمەکە، نەک بەهای ئاڵوگۆڕ. ئەمەش بەکاربەران لە گوناهی بەرخۆری دەبەخشێت، کە ناسنامەی خۆیان بە براندی

[1]) The System of Objects.
[2]) consumerism.
[3]) consumption.

کاڵاکانەوە دەبەستنەوە. لەم حاڵەتەدا، تۆ ئەو شتە دەبەیت، کە دەتەوێت، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەیتەوە خەڵک چۆن لە هەڵبژارن و بەکاربردنەکەت دەڕوانێت.

هەمیشە بەکاربەرەکان نوقمی بژاردەکان بوون – ئەم حاڵەتەش ئینتەرنێت زەقتری کردۆتەوە، بەهۆی بڵاوکردنەوەی سایتەکانی فرۆشتن و میکانیزمەکانی گونجاندن و تەرخانکردن {کاڵا بەقەد باڵا}. بەڵام تەکنەلۆژیا چارەسەری بۆ ئەم فرەبژاردەییە دۆزیوەتەوە، کە خۆی بەرهەمیهێناوە: هاوشێوەی ئەو خەواریزمانەی پێشنیارمان پێشکەش دەکەن، و ئەپەکانی "بەپێی خواست". بەمشێوەیە هەموو شتێک فەراهەم دەکرێت، هەر لە داواکردنی ئۆتۆمبێلی کرێ، تا دەگات بە خواردن و جلشۆردن. ئەمانەش ناهێڵن بەکاربەر لە هەڵبژاردنی براندە جیاوازەکاندا زۆر ماندوو ببێت، چونکە {ئەم چارەسەرانە} بە ئاسانی و خێرایی کاڵاکان دەخەنە بەردەست. وادیارە ئەپەکانی "بەشداری پێکردن"4، دەتوانن بەهەمان خێرایی ژمارەیی، کاڵا مادییەکان بگەیەنن. وەکچۆن موبایلەکان بەخێرایی داتاکان دەگەیەنن، ئەم ئەپانەش بەهەمان خێرایی هەموو شتێک دەگەیەنن.




4) “sharing” apps.

ئەوەی لەم ئەپانەوە ناودەنرێن "بەشداری پێکردن"، تەنیا وەهمێکن گوایە مرۆ لە براند و مارکە بازرگانییەکان ڕزگاری دەبێت و {براندەکان} دەگۆڕێت بە "پلاتفۆرمەکان". ئەم پلاتفۆرمانەی، کە گوایە بە ئامرازێکی عەقڵانی، فرۆشیار و کڕیار بەیەکتر دەگەیەنێت، و تەماحی مۆنۆپۆلکردنی هەیە، بەشێوەیەک براندەکان پەراوێزدەخات. بۆنموونە؛ ئەگەر بەکاربەرێک "Uber" یان هەر یەکێک لە ئەپەکانی تر بەکاربهێنێت و داوای شتێک بکات، گرنگ نییە کێ خزمەتگوزارییەکە پێشکەش دەکات و دەیگەیەنێت، چونکە لە واقیعی "بەکاربردنی بێ بەرکەوتن"[5]، شتە مادییەکان هیچ نین جگەلە داتای لۆجیستی (هەروەها ئاماژەگەلێکی گوزارشت لێکراو نین) تا دەگەنە خاڵی بەکاربردنیان. بەشێوەیەک بەکاربەرەکان خۆیان لە چەقی گەردوونەکەیاندا دەبیننەوە، و بەرەو عەرشەکەی دەڕۆن. پەنجەکانت بەسەر شاشەکەدا دەخزێنیت بەبێ ئەوەی کەس بیبینێت، ئەوەی دەتەوێت بەئاسانی پێتی دەگات.

لەلایەکی تریشەوە؛ چەند سایتێکی کۆمەڵایەتیی وەک (Tumblr و Pinterest)، ڕێگەدەدەن توانا و دەلالەتی کاڵاکان ئیستیغلال بکرێن و پیشان بدرێن، بەبێ ئەوەی پێویستمان پێیان بێت، چ جای ئەوەی بیانکڕین. ئەمەش وادەکات، موبایلەکەت لە ئامێرێکی پەراوێزخراوەوە بگۆڕێت بۆ دەرگا و پۆرتاڵگەلێکی پەیوەندی، و هەڵسەنگاندن، و دانپیانانی کۆمەڵایەتیی بێکۆتا. وادەکات بەکاربەرەکان تەنسیقی وێنەی کاڵاکان بکەن، و ڕێگەکانی دەلالەتکردن لە زەوق و کەسایەتیی پەرەپێبدەن. هەروەها نوقمی خەیاڵ و ئەو یادەوەرییانە ببن، کە لەگەڵ ئەو کاڵایانەدا هەیانە، بەبێ ئەوەی پێویست بکات دەستی لێبدەن. لەڕاستیدا، ڕەنگە کاڵاکان شتگەلێکی مەحاڵ بن و تەنیا وێنەی دیجیتاڵی بن، و بەشێوەیەکی تەقلیدیی بەکارنەبرێن.

لەبەرئەوەی لەسەر ئەم سایتانە بەکاربردنێکی فیعلیی نییە، و ساتێک نییە بۆ فەنابوونی کاڵاکە، یاخود سیفەت و تایبەتمەندییەکانی کاڵاکە بەرجەستە ناکرێت. کەواتە مرۆ پێویستی بە

[5]) frictionless consumption.

بەکارهێنانی کاڵایەک نییە، کە تەنیا وەک کەمالیات دەیخوازێت. لەبەرامبەریشدا؛ ئیمکانێکی بێسنووری گەیاندن و سۆشیال میدیا هەیە. بەپێچەوانەی وێنەی کاڵا مادییەکانیشەوە، وێنەی شمەکەکان تیایاندا بەشێوەیەکی خێرا و کارا بڵاودەبێتەوە.

بەرگریکاران لە "ئابووریی بەپێی خواست و سایتە کۆمەڵایەتییەکان"، ئەوە دەخەنەڕوو کە ئەم دوو بژاردەیە دژبە مەسرەفگەرایی و بەرخۆریین، و جێگەی پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ماشێنی سەرمایەدرایی بەرخۆری، دەگرنەوە. گوایە {ئەم دوو بژاردەیە} بازاڕە باڵادەستەکان لەکاردەخەن و تەحەدای دەسەڵاتی براند و مارکە بازرگانییەکان دەکەن، و لۆژیکی خاوەندارێتیی لەرزۆک دەکەن، و پرۆسەی خواست بەعەقڵانیی دەکەن، و هتد. بەڵام ئەگەر پێکەوە سەیری هەردووکیان بکەین، ئەوە پیشان دەدەن، کە چۆن تەکنەلۆژیا ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات؛ بەرخۆریی زیاتر و بەکاربردنی زیاتر بکەن. چونکە بەبێ هیچ پشکنینێکی ئایدۆلۆژی لەلایەن پرۆسەکەی ترەوە {بەکاربردنی تەقلیدی}، بڵاودەبنەوە. لەم حاڵەتەشدا، بەکاربەرەکان لەبەرامبەر جەمسەرەکەی تردا { تەقلیدی} جاروبار چاوی خۆیان دادەخەن، و هەڵسوکەوتی خۆیان پێ باشتر و قایلترە. ئەمەش دەبێتەهۆی چڕبوونەوەی ئیستغلال و بەکاڵابوون و خۆڵ و خاشاک و وێرانبوونی ژینگە، کە کۆمەڵگەی بەرخۆریی بۆتە نیشتیمانی هەموویان.

ڕێکارەکانی ئەنتیی بەکاربردن، بوونەتە ئاماژەگەلێکی بەکاڵابووی "ئەنتیی بەرخۆری"[6]، وەک ستایلی ژیان، و بیروباوەڕی خورافی، کە گوایە بژاردەکانی کەسێک بۆ بەکاربردن سەربەخۆن، و لۆژیکی تەحەکومکردن بە بژاردەی ئەوانی ترەوەی تێپەڕاندووە. گەڕان بەدوای دەرچە و هەڵهاتنێکی "ڕەسەن" لە خۆبراندکرن[7]، دەرەنجامەکەی بریتییە لە نوقمبوونی ژیانی کەسەکە لە لۆژیکی براند و مارکە بازرگانییەکاندا. هەروەها گەڕان بەدوای دەرچە و هەڵهاتنێکی "ڕەسەن"دا بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆ، - دوور لە "بەکاربردنی

---

6) anti-consumerism.
7) self-branding.

پۆزاوی"[8]- چارەسەرگەلێکی بێسنووره و خۆی نەفی دەکات. هەڵبژاردنی هەر وێنەیەکی نموونەیی، شکست بە بژاردەیەکی تری نموونەیی دەهێنێت. پرۆسەی بەکاربردن بۆتە بژاردەی بەکاربەر، و سەرلەنوێ بەرخۆری و بەکاربردن، ئاوێتەی یەکتری بوون. مەگەر پێشکەوتنێکی تەکنەلۆژیی تر، بەڵێنی دووبارەجیاکردنەوەیان بدات و سەرلەنوێ بازنەکە دەستپێبکاتەوە.

بەکاربردنی هونەریش کەوتۆتە داوی هەمان ڕازەوە: هیچ کارێکی هونەریی "ڕەسەن" نییە، کە بتوانێت پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کۆمەڵایەتیی تێپەڕێنێت (واتا هیچ پێشانگەیەک بۆ بەکاربردنی پوخت نییە کە لەگەڵ بژاردەی ستراتیژی کۆمەڵایەتی ناتەبا بێت). هەروەها هیچ پرۆسەیەکی هونەریی نییە، بەڕادەیەک ناماتریاڵیی بێت، کە بتوانێت لە شێواندنەکانی هەڵسەنگاندنی بازاڕ خۆی لابدات. ڕەنگە وەک پشوویەک و وەرگرتنی ڕێستێک لە بەرخۆری، سەیری هونەر بکەین، یاخود وەک چانسێک بۆ قووڵبوونەوە و تێڕامان، بەڵام هەمان ئەو سیفەتانەی دەیکاتە دەرچەیەک بۆ بەرخۆری، دەشیکاتە باشترین پاڵنەر و ئامرازی بەرخۆری. **ئەنتیی بەرخۆریی پوخت، بەرخۆرییەکی پێرفێکتە.**

---

[8] conspicuous consumption، الاستهلاك التفاخري. ئەم چەمکە لەلایەن (تۆرستین ڤێبلین)ەوە داڕێژراوە. مەبەست لێی بەکاربردنی لەڕادەبەدەر و ئاشکرایە، کە ئامانجی کۆتایی بەکاربەرەکە تەنیا خۆدەرخستن و کەشوفشکردنە بەسەر خەڵکی تردا. کەسانێک کاڵاگەلێک بەکاردەبەن نەک لەبەرئەوەی پێویستیان پێیەتی بەڵکو پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیانی پێ دیاری دەکەن و پۆز بەو کەمالیات و جەمالیاتەوە لێدەدەن کە کڕیویانە. (و.ک).